# گەرمیان.. لە رووداوێکی هاتوچۆدا کەسێک گیانی لەدەستدا

بەرەوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند، لەسەر ڕێگای کۆلار- ناحیەی باوەنور نزیک گوندی تازەدێ، ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕا و بەهۆیەوە سەرنشینێکی گیانی لەدەستدا.

ئەمە شەمە ، هاتووچۆی گەرمیان بەاویکردەوە، لەنزیک گوندی تازەدێ ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا کرۆلا کە بە ئاراستەی ناحیەی باوەنور دەڕۆیشت، کۆنترۆڵی لەدەستدا و وەرگەڕا.

وتیشی، بەهۆی ئەو رووداوەوە شۆفێرێکی بریندار بووە و سەرنشینێکی گیانیلەدەستداوە.

دەشێت، شۆفێرەکە تەمەنی ٤١ ساڵە و تەمەنی سەرنشینەکەش ٦٠ ساڵە.

باسی لەوەسکرد، بریندارەکە بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و تەرمەکەش ڕەوانەی پزیشکی دادی کۆلار کرا و تیمی هاتووچە لەکۆینەوەیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە.